# چرپەی داپیرە



دەمێك بوو بە پێ نەچوبووم بۆ بازاڕ، بۆیە كە نەنم و باوان داوایان كرد لەگەڵیان بچم بۆ بازاڕ، بڕیارم دا بە پیاسە بكەوینەڕێ.

ئەوان بەدەم یارییكردنەوە پێش من كەوتبوون. چاوم لێبوو لە دوورەوە سەگێك بە راكردن بەرەو پیریان ئەچوو. زۆر سەیربوو، هەر ئەوەندەم زانی باوان بەراكردن بەرەو لای من گەڕایەوەو نەنمیش لەسەرخۆ بەرەو سەگەكە كەوتەڕێ. دیمەنێكی چەند جوان بوو، هەر كە سەگەكە گەیشتە نەنم دەستیكرد بە كلكەلەقێ و یاریكردن.

باوان كە گەیشتە لای من بە هەناسەبڕكێوە وتی: **ئەوە ئەو رۆژە نەمزانی تەلێكم لە قاچی بێچوەكەیەوە ئالاند، ئیتر لەوە ئەچێ بمناسێتەوە لەو رۆژەوە لە هەر شوێنێك بمبینێ بە راكردن دوام ئەكەوێ.**

ئێمە لەم قسانەدا بووین، سەگەكە دوور كەوتەوەو نەنمیش گەڕایەوە لامان، وتم: **نەنم، ئەم سەگە چییە؟ چۆن ئەتناسێ؟** سەیرێكی كردم و بە خەندەوە وتی: **ئەوە ئەو رۆژە تەلێك لە قاچی بێچوەكەیەوە ئالابوو، هەر قروسكە قروسكی بوو. زۆر بەزەیم پێدا هاتەوەو رزگارم كرد، ئیتر لەو رۆژەوە ئەمناسێتەوەو لە هەر شوێنێك بمبینێت بەرەو پیرم دێ و سوپاسم ئەكات.**

سەرنووسەر

بەرگی یەكەم و دووەم: غەمگین فەتاح

پەپوولە: گۆڤارێكی رۆشنبیریی، پەروەردەیی منداڵانە. خاوەن ئیمتیاز: هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد.سەرنووسەر: یاسین قادر زرگوێزی.دەستەی نووسەران: نەریمان عوسمان، ئەحمەد محەمەد.هونەریی: غەمگین فەتاح. دیزاین: سەرخێڵ شێخ مەهدی. پەپوولە مانگی جارێك لە سلێمانی لەلایەن منداڵپارێزی كوردستانەوە بە تیراژی ( پێنج هەزار ) دانەبلاودەكرێتەوە و چاپكردنی لە چاپخانەی پیرەمێردە.

ناونیشان: كوردستان- سلێمانی- منداڵپارێزی كوردستان.تەلەفۆن (٠٧٧٠١٥٢٢٧١٨)،( ٣١٣٩٣٤٤ )،( ٣١٣٩٣٥٢)،( ٣١٣٩٣٥٦ ).

PAPOOLA: MONTHLY CULTURAL&EDUCATIONAL CHILD MAGAZINE.ISSUED BY: KURDISTAN SAVE THE CHILDREN.
NO.135 - January .2009, Internet www.khak.org & www.ksc-kcf.com - E-maile: pepule1992@yahoo.com.